# خوایەکی درۆ

هەژار خۆشناو

دەسەڵاتم چ مەراقێك بوو. . .
وا بەرەو گومڕایی خۆم دەچۆڕێمەوە. .
لە پەنا ووشە سەرابیەکانم. .
لە هەڵدێری ڕۆحم لێتان سەندەوە. . !
بەرێم کردن بەرەو جیهانی. .
بە پوولە خامە سورەکان. .
مەبەستم فێری مۆدێرن بوو
کاتێ شار بە دەرم دەکردن. .
ئەو دراوسێیانە دڵسۆزن
وەختێ بە گەنجی دەمان کوژن. . !!
نەوەك ئازاری پیری بچێژین. . !!
بەشێو من شانازی بە ڕوو ڕەشی دەکەم. . !!
ڕەنگەکانم بۆیە بەشکرد
چونکە توتکەی ئەو چوار دۆزەخەم. .
دواهەمین هەناری دونیا. .
منم خاوەنی ئەو گوللانەی بازدەدەن. .
من و ئەو سیخورێکی لێزان. .
تۆش بۆ هەمان کۆچ. .
من شەمەندەفەری بێ سکە. .
تۆش لە چاوەڕوانی. .
ئێوە کەشتی و منیش
کەپیتانێکی جەردە. .
من خوایەکی درۆ. . !!!
ئێوەش کرنووش بەرێکی بێ دەنگ. . !!!
وس. .
ووڵاتی سەربەخۆی چی. . !!
ئاڵای چی. . !!
ماسمیدیا. .
دەرتان دەکەم وەك پێغەمبەر بدوێن. .
دەزگاکان. .
لە خاچتان دەدەم وەك عیسا پاك بن. .
تیرۆتان دەکەم. . . !!
وەك عومەر داوایی دادپەروەری بن. .
بەناوی خواوە وەك ئیمانداری. .
ئەنفال چی دەپاێزم. . !!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەوە ئێوەن تەقا. . تەق دەکەن. .
فایلم بەسەر واڵا دەکەن. .
ڕوو ڕەشیم بە دیار دەخەن.

18/07/2003-Italia;Polla (Sa)
hajarkhoshnaw@yahoo. it

www.kurdistannet.org کوردستان نێت